حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الإدارة و الموارد البشرية

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب . کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان

(ISO 9001:2015)

ژمارە: ٢٧٧٢ / ك
ڕێکەوت: / / ٢٧ کوردی

العدد:
التأريخ: ١٥ / ١٢ / ٢٠٢

## بەیانی ژمارە ( ٢٥ ) ی ساڵی ٢٠٢٤
## گواستنەوەی گوندی (مچە کوێر)

ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١٢٩١٦ لە ٢٠٢٤/١١/٢٤ ) و بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی.

بڕیارماندا بە:

**یەکەم :** گواستنەوەی گوندی **(مچە کوێر)** و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێ ی ماددەی یەکەم/٥ لە ڕێنمایی سەرەوە سەر بە ناحیەی باوەخۆشێن لە سنوری قەزای دەربەندیخان لە پارێزگای سلێمانی بە ڕووبەری **(٧٢،١١،١٢٥)** دۆنم **لەسەر بەشێک لەپارچە زەوییەکانی (١١/١ ، ١٤،٢١ ،٢٣/١، ٢٣/٣، ٢٣/٥، ٢٣/٧ ، ٢٤/٧، ٢٤/٤) لە کەرتی (١٤/ مچە کوێر)** وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی لە سەرەوە هاتووە و لە ڕۆژنامەی یاری ژمارە (١٨٥٠) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١٠/٢ و لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٩٢٦٦) لە ٢٠٢٤/١٠/٢ بڵاوکراوەتەوە بەپێ ی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم :** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێت .

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ

وێنەیەک بۆ :

- گشت وەزارەتەکان و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت / بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی شارەوانی و گەیشت و گوزار/ هاوپێچ نەخشەی سۆفت و کوردینەیت (CD) لەگەڵ ڕێزدا
- پارێزگای سلێمانی/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەت/ بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون
- خولاو.


ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
Address: Kurdistan Region-Iraq
ئیمەیڵ: info@moi.gov.krd
ژ.تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
www.moi.gov.krd
( Burhan )
26/ 11/ 2024